هەسەدە کشایەوە و هێزەکانی سوریا چونە شوێنەکانیان

هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) ئەمڕۆ شەممە لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی فوران بەتایبەت دێرحافر و مەسکەنە دەستیان بەکشانەوە کرد و لەبەرامبەریشدا هێزە چەکدارەکانی سەر بە حکومەتی دیمەشق، لەناوچەکانیان جێگیرکران.

بەگوێرەی زانیاریەکان سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هێزەکانی هەسەدە لەچوارچێوەی پەیامەکەی مەزڵوم عەبدی دەستیان بەکشانەوە کردوە لە ناوچەکانی دێرحافر و مەسکەنە، پاش چەکردنی پێگە و بارەگاکانیشیان، هێزەکانی سوپای سوریا دەستیان بەجوڵەکردوە و سەرجەم شوێنەکانیان کۆنترۆڵکردوە.

شەوی رابردو مەزڵوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) رایگەیاند، بۆیاریانداوە لە سبەینێ (واتە ئەمڕۆ)وە هێزەکانیان بکشێننەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی فورات.